www.kurdistannet.org
28-4-2006 11:26 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

**فیگرا یان .... . مێ گرا .... .. رزگار كۆچەر**

كە لیبینزیك بوومەوە ئەو خەریكی جاك كردنی مێزەكەییوو... پرسیاری دەرمانم لێكرد گوتی ئێستا ناتوانین بفرۆشین دەمان گرن چونكە دەرمان فرۆشتن لەسەر شۆستەكان قەدەغەیە منیش بی دەنگ بووم ئەوەی لە خەیالم دانا بوو بۆ كاتێكی تر دوام خست... چەند هەنگاوێك رۆشتم.... جاسم ئەو كورە گەنجەی دەرمانی دەفرۆشت خۆی بانگی كردم گوتی باشە پێم بلی چ دەرمانێكت پی ویستە تا بە پلە بۆت بێنم و بەڵام بەو شەرتەی لێرە تۆ چاوەروان بێت....

ئێمە خەریكی ئەو قسانە بوین كابرایەكی قات وپانتۆر لەپر لێمان نزیك بۆوە پرسیاری دەرمان فرۆشەكانی كرد بی ئەوەی پرسیار لە ئێمە بكات جاسم خۆی پێشی لێگرت و گوتی فەرمو جێت دەوێت ئێستا بۆت دەهێنم.... مامۆستاكەش سەیرێكی ئەولاو ئەو لای كردو بەشەرمەوە گوتی فیگرا ئەلمانیەكە بە س توخوا بەپەلە دوو دەستەشم بۆ بهێنە...

جاسم رۆشتوو بی ئەوەی بە من بلێت جیت دەوی... هەندێكی پی چوو هاتەوە لای مامۆستاكە و دوو پارچە حەبی رەنگ شینی دایە دەست مامۆستاكەو پارەكەی لە باخەل نا.... . بە خێرایی هاتەوە لای من و گوتی بم بورە ئەوم پێش تۆ خست بەلام ئەو رسق بوو هەموو كات دێتە لای من بۆ ئەو حەبانە..

هەر زوو پرسیارم لە جاسم كرد گوتم كێن ئەوانەی ئەو جۆرە حەبانە دەكرن ئەو گوتی وەلا هەموو خەلك دەكرن بەتایبەتی ئەو پیاوانەی كە هەندێك پیر بوینە و زۆر جاریش مامۆستا دێتە لامان تۆ شەرمیان لێدەكەیت.. باوەر دەكەیت هەندیك جار گەنجیش دێتە لامان من هەندێك موشتەریم هەیە پیاوی زۆر مهیمن زۆرجار حمایەكانیان دەنێرن تا ئەو حەبانە بكرن جا نازنم بۆخۆیانە یان بۆ بەرپرسەكانیانە....

جاسم گوتی زۆر جۆری هەیە ئەو حەبانە عێراقی و ئەلمانی و ئەمریكی و سوری و ئوردنی... بەلام سوریەكە زۆر باش دەفرۆشێت جاران زۆر گران بوو بەلام موشتەریمان هەر هەبوو جاسم دەلێت جارێك ئافرەتێك هاتە لام گوتی دەسەتەیەك ئەو حەبانەم بدی من شەرمم كرد پیی بلێم بۆ جیتە بەڵام ئەو خۆی قسەی كردو گوتی مێردەكەم كە ئەوحەبانە دەخوات ئەوەندە كەیف خۆشە و شیرنە هەر حەز دەكەم قسەی لەگەل بكەم بەڵام كە نای خوات ئەوا كەس ناتوانێت قسەی لەگەل بكات...

جاسم دەلێت ئافرەتەكە پیی وابوو ئەو حەبانە ئی كەیف خۆشیە بۆیە منیش دەستەیەك پیی داو قسەم لەگەل نەكردو پارەی خۆم وەرگرت..

ئەو كاتەی ئێمە خەریكی قسە كردن بووین گەنجێك هات كە كورت وشەروالێكی كەتافەی رەنگ رەشی لەبەر بوو گوتی ئەری مێگرا هەیە.... ئەو دیار بوو شەرمی نەدەكرد لە خۆیە وە گوتی بەخوای نیعمەتی خوایە پیاو ئەوە بخوات ئەوا یەكسەر دەبێتە تەرەزان ئەوە قسەی گەنجەكەیە..

منیش جاوەرێیی جاسم كرد تا گەراوە داواكەی گەنجەكەشی جی بەجی كرد منیش گوتم بۆ جیاوازی جیە لە نێوان فێگراو مێگرا ئەو گوتی هەردوكیان یەكن بەڵام ئەو برادەرە نازانێت بە تەواوی ناوەكە بهێنێت.. منیش گوتم دەی ناسیت ئەو گوتی ئەو كورە مافور فرۆشە لەو شار لەو شار دەگەرێت هەموو پێنج شەمان دێتە ئێرە دەسەتەیەك دەكرێت ولەگەل خۆی دەبات... دەرباری جۆنیەتی دەست كەوتنی ئەو دەرمانە لای جاسم دەلێت ئەوجا ئەوە جیە تۆ كام دەرمات دەوێت لەو شارە كە دەست ناكەوێت ئەوا من بۆت پەیدا دەكەم!!!!!

جاسم دەی ویست زیاتر قسەمان بۆ بكات بەلام من پێم باش بوو پێش ئەوەی راپۆرتەكەم تەواو بكەم سەردانی دەرمانخانەیەكیش بكەم بزانم لەوی رەواجی ئەو دەرمانە جیە..

سەرەتا چەند دەرمانخانەیەکم بەسەر کردەوە زۆریان ئامادە نەبوون قسە مان بۆ بکەن بەلام دکتۆر ئەمیر شیت خاوەنی دەرمانخانەی.... لە شەقامی سیروان بۆم شێوەیە بۆمان دوا:

فیاگرا دەرمانێکە بەم دواییە دەرجوە وەك بلێن بۆ مقەوی جنسی پیاو بەکار دێت وە زۆر جۆری هەیە 25 هەیە 50 هەیە وە 100 هەیە وە هەروەها منشئەکانی بەرهەم هینانی جیان وەك ئەمریکی و عێراق و هەندی و ئێرانی و سوری و ئوردنی و زۆر جۆری تریش هەیە وە هەموو جۆرەکانیش رەواجیان هەیە وە دەربارەی نرخەکەی دکتۆر ئەمیر دەلێت لەگەل جاران زۆر فەرقی کردیەو جاران زۆر گران بوون بەلام ئێستا زۆر هەرزان بوە جونکە جاران دەسەتەیەکی چوار حەبی نرخەکەی نزیکەی 40 دۆلار بوو بەڵام ئێستا لەوانەیە نەگاتە دوو دۆلاریش...

وە دەرباری ئەوانەی بەکاری دەهێنن دکتۆر دەلێت ئەوانەی من دیومن و ئەو حەبانەم فرۆشتوە پێیان تەمەنیان لە نێوان 40 و 50 سالە یان ئەوانەی ژنی دووم وسێیەم دەهێنی ئەوانە زیاتر دواکارن بۆ دەست کەوتنی ئەو حەبانە یان ئەوانەی کە مەشاکلی جنسیان هەیە زیاتر بەکاری دەهینَ بەڵام ئەوش دەبێت بزانین ئەگەر گرفتی نەفسیت هەبێت ئەوا فیاگراش بەکار بهێنیت ئەوا تەئسیری نابێت وە گەنجان کەمتر دێنە لای ئێمە وە ئەوانەی ئەو حەبانە دەکرن زۆر بەشەرمەوە دوای دەکەن و هەندێك جار دەلێن وەلا بۆ خۆمان نیە بۆ کوری مامانە یان بۆ برادەرێکمانە ئەوان بەشەرمەوە دوای ئەو حەبانە دەکەن.... .
وە دەربارە ئەوانەی ئەو جۆرە حەبانە بەکار دەهێنن دکتۆر ئەمیر دەلێت ئەوان زیاتر خوێندەوارن و تیان دایە شهادەی زۆر بەرزیشی هەیە یان بە روون تر بلێن خەلکانێکی گەورەی تێدایە وە زۆربەی ئەوانەی بە شکلیات دەیان بینم ئەوانە زیاتر خوێندەواران وە دەرباری بەکار هێنانیشیان دکتۆر دەلێت تەنها بۆ ئەوانەی نەخۆشی زەختیان هەیە یان نەخۆشی دلیان هەیە ئەوا باش نیە دەنا ئاسایە...
دەرباری کرینی ئەو دەرمانە لای ژنانەوە دکتۆر دەلیت من جارێکیان ئافرەتێك هاتەلام دوای ئەو مونەشیتەی کرد بەلام زۆر بەشەرمەوە دوای کردو وابزانم مامۆستاش بوو وە بە دەگەمن ئەوە دەبینم ژنان دوای ئەو حەبانە بکەن..

RZGAR77@HOTMAIL. COM